# حوکمی زەواجی عورفی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم الزواج العرفي

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی زەواجی عورفی

**پرسیار :** ئایا زەواجی عورفی چیە ؟ وە حوكمەكەی چیە، حەڵاڵە یان حەرامە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

زەواجی عورفی لەڕووی ئەركان ومەرجەكانیەوە هەر هەمان ئەو زەواجەیە كە زانایانی ئیسلام باسیان كردوە، لەڕووی بوونی ئیجاب و قەبول وشاهید، و وەلی ئەمری ئافرەتەكە، و ڕەزامەندی هەردوو كەسەكە ( كچ وكوڕەكە) ودیاری كردنی مارەیی ئافرەتەكە، هەموو ئەو ڕوكن ومەرجانەی كە زانایان لە كتێب وپەڕاوەكانیاندا باسیانكردووە، لە زەواجی عورفیدا هەیە، وە بۆیە پێیشی دەوترێت عورفی بەو مانایەی كە

لەعورفی کۆنی خەڵکدا کاتێك کە تۆماری دادگاکان لەئارادا نەبووە هەروابووە وهەر بەو شێوەیە کچ وکوڕ زەواجیان کردووە، بەڵام هێندە هەیە ئەم زەواجە لە داداگای حوکمی بەرێوە ناچێت ولەتۆماری ئەواندا جێگیر وتۆمار ناکرێت، لەڕووی بوونی ڕوکن مەرجەکانەوە وەك ووتمان زەواجێکی شەرعی ودروستە وهیچ گرفتێکی تێدا نییە، تەنها ئەوەندە هەیە زانایانی سەردەم بەزەواجێکی مەکروهی ئەزانن، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەگەر گرفتێك ڕوبدات لەنێوان ئەو ژن وپیاوەدا هەق ومافەکان لەنێوانیاندا دەفەوتێت، چونکە ناتوانرێت لەدادگا هەقەکەی خۆیان بسەلمێنن، بەڵام ئەگەر هاتوو لای قازی لەدادگا مارە بڕا بوو هەموو هەقێکی هەردولایان پارێزراو دەبێت و نەپیاوەکە ونەژنەکەش ناتوانن نکولی لێ بکەن، وە لە لایەکی تریشەوە، ئەو منالانەی لەدایك دەبن ناتوانرێت لە تۆماری حکومەتدا تۆمار بکرێن وپێناسی

فەرمییان بۆ دەربهێنرێت، لەکۆتایشەوە ئەو منالانە بێ بەش دەبن لەزۆربەی خزمەتگوزاریەکانی حکومەت، وەك خوێندن ونەخۆشخانە وسەفەرکردن .... هتد .

بۆیە واباشە ئەم جۆرە زەواجە ئەنجام نەدرێت، چونکە پاشەڕۆژ دەبێتە کێشە بۆ کۆمەڵە کەسێك و زۆرێك لەمافەکانی تێدا دەفەوتێت، وە ئەگەر لەدەرەوەی دادگاکان مارەبڕین وزەواجێکی لەم شێوەیەش ڕوویدا، دەبێت پاشتر هەوڵبدرێت لای قازی ولەدادگا تۆمار بکرێن، لەبەر ڕوونەدانی ئەو کێشانەی کە باسمانکردن ،

بەلام هەندێك جار لێرە ولەوێ دەبیستین کە ژن وپیاوێك زەواجێکی عورفیان بەم شێوەیە کردوە، ئەویش پیاوەکە بە ژنەکە دەڵێت : ئەوا من تۆم مارە کرد لەخۆم، ژنەکەش

لەوەڵامدا دەڵێت : منیش ڕازی بووم، ودواتر بە وەرەقەیەك لای کەسێك ئەم ڕەزامەندیەی هەردوولایان تۆمار دەکەن .

لەڕاستیدا ئەمە نە زەواجی عورفیە و نەزەواجی شەرعیە، بەڵکو جۆرێکە لە شاردنەوەی زینا و داوێن پیسی، بۆیە لێرەوە ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکەین کە لەخوا بترسن و دوور بکەونەوە لەم جۆرە کارانە .

خوای گەورە لەهەموو کەس زانا وشارەزاترە .